# ڕێگاکانی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا



- **گواستنەوەی ڕاستەوخۆ**
  لە ڕێگەی پرژە دەرچووەکانی ناو کۆکە و پژمینی کەسی توشبوو



- **گواستنەوەی ناڕاستەوخۆ**
  لە ڕێگەی دەستدان لەو کەلوپەل و ڕووانەی کە بە ڤایرۆسەکە پیسبوون، پاشان دەستدان لە دەم و چاو و لووت



- **تێکەڵاوی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوو**



- **خواردنی خۆراکی باش نەکوڵاو یان خاو، بە تایبەتی گۆشت و هێلکە**

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

# نیشانەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا



- بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جەستە (تا)



- کۆکە



- هەناسەتەنگی



- قورگئێشە



- هەندێکجار سکچوون و ڕشانەوە



- تەڕبوونی لووت

# چۆن خۆت لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەپارێزیت؟



- دەستشوشتن بە بەردەوامی بە ئاو و سابون، ئەگەر نەبو شلەی خاوێنکەرەوەی کحولی بەکاربهێنە



- کوڵاندنی خواردن بە تایبەتی گۆشت و هێلکە بە باشی



- خۆ بەدوورگرتن لەو کەسانەی کە نیشانەکانی نەخۆشی کۆئەندامی هەناسەیان تێدا دەرکەوتووە، وەک کۆکە و پژمین



- دەستنەدان لە دەم و لووت و چاو

# چۆن دەستەکانت دەشۆیت



1. دوای ئەوەی سابوون لە دەستت دەدەیت، دەستەکانت لە یەک دەخشێنیت



2. دەستەکانت بەناو یەکدا بچوێنە و لە یەکیان بخشێنە و پاشان مەچەکیشت بشۆ



3. پەنجە گەورەی هەر دەستێکت لەناو دەستەکەی ترتدا بسوڕێنەوە و جوان بیشۆ



4. پەنجەکانی هەر دەستێکت کۆ بکەوە و بیخشێنە لە ناو لەپی دەستەکەی دیکەت، بەمە هەم ژێر نینۆکەکانت خاوێن دەبنەوە و هەم ناو لەپی دەستت



5. پاشان بە جوانی ئاوی پێدا بکە



6. دەستەکانت وشک بکەوە

# کەی پێویستە دەستت بشۆیت

- پێش و پاش نانخواردن
- دوای دەستدان لە پاشماوەکان و سەتڵی خۆڵ و پاشەڕۆ
- دوای بەکارهێنانی توالێت
- دوای بەرکەوتن لەگەڵ گیانەوەران
- پێش ددان شوشتن
- دوای دەستدان لە برین
- پێش ئامادەکردنی خواردن
- پێش و پاش هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کەسی نەخۆش

# دوای دەرکەوتنی نیشانەکانی کۆرۆنا لە جەستەتدا چی بکەیت؟

1



ماسک بپۆشە و خۆت دابڕە لە کەسانی چواردەورت تا دەگەیتە نەخۆشخانە

2



122

پەیوەندی بە هێڵی گەرمی کۆرۆناوە بکە

3



سەردانی نزیکترین نەخۆشخانە بکە

# کەی ماسکی پارێزەر دەپۆشیت؟

- ئەگەر نیشانەکانی نەخۆشی کۆئەندامی هەناسەت هەبوو وەک کۆکە و پژمین



- ئەگەر بەرکەوتنت هەبوو لەگەڵ کەسی تووشبوو بە ڤایرۆسەکە



# بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چۆن پژمە و کۆکە دەکەیت



1. دەستەسڕ بەکاربهێنە لە کاتی پژمە و کۆکەدا



2. ئەگەر لەو کاتەدا دەستەسڕ بەردەست نەبوو، ئەنیشکت بگرە بە دەم و لوتتەوە



3. بە زووترین کات دەستەسڕەکەت فڕێبدە ناو سەتڵی خۆڵ



4. بە باشی دەستت بە ئاو و سابوون بشۆ



پێکەوە ڕووبەڕووی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبینەوە